کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 7-5-2007 11:29

# سێو ... سورگـــــول زادە



بەوکەسە پێشکەشە سێوی بەمێخەك چنراوی عاشقانەی بەمن بەخشی
ئەڵێن ئادەم سێوێکی خوارد
لەبەهەشتی خوا دەرکرا
کەچی من بەو سێوەی ئادەم
دڵم تەسلیم بەژەنەراڵی عەشق و
پادشای عاشقان کرا
نەك ئەو سێوە
سێوێکی بەمێخەك چنراو
بۆ ڕۆژی عاشقان دانراو
قسمەت هات بەمنی بەخشی و
ئەم دڵەی منی بۆ خۆی برد
منیش بی دەنگ
سپاردم بەمۆمی عەشقم
ئەویش بێدەنگ و لەسەرخۆ
بەناخی دڵما چرپانی
خۆشم ئەوێیت
حەزم لێتە
لیوم لێوان لیو لەخەندەو
دڵم حەزین و پرگریان
بۆ ئەم دوو عاشقە شێتە!
دەسا قەدەر دەستم دامان
رازی پاکی سورەگوڵێك
لەگەڵ
عەشقی پاکی ڕاستی
لێك دانەبڕیت
نەکەیت چاوی هیچ کاممان
پڕکەیت لەگریان
سێوی حەزمان ووشك کەیت و
بمان سپێرست بەبار ان

سنە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.